The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

# بانگەواز بۆ کاری هاوبەشی کوردستانیان دژ بە گەلەکۆمەی داگیرکەران بۆ سەر خاکی کوردستان

**" تاکو کەی جیهانی ئازادیخواز لە ئاست ژینۆساید و تیرۆرکردنی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان بێدەنگی هەڵدەبژێرێت "**

کوردستانیانی هەر چوار پارچەی کوردستان
جەماوەری گەلەکەمان لە ناوخۆی کوردستان و هاندەران
پارت و ڕێکخراو لایەنە تێکۆشەرەکان
برا کریستان و ئێزیدی و کاکەی و یاراسانی و زەردەشتییەکان
ڕێکخراوەکانی خوێندکاران , قوتابیان , ئافرەتان , ژنان , کرێکاران , مافی مرۆڤ ,......
نووسەران , هونەرمەندان , کۆڕو کۆمەڵە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییە کوردییەکان
دەزگاکانی ڕاگەیاندن " بینراو , بیستراو , نووسراو .... "

هەروەکو ئاگادارن ماوەی چەند ڕۆژێکە سوپای داگیرکەری تورکیاو ئێران هێرشی هاوبەشیان بۆسەر خاکی کوردستان دەست پێکردووە , هەزاران هاونیشتمانی سڤیلیان لە بەرواری بالاوە بۆ حاجی هۆمەران و قەندیل و سورێن ئاوارە کردوەو زیانێکی مادی زۆریان بە خەڵکی ناوچە سنوورییەکان گەیاندووە, ئەم کارەش وەك بەشێك لە نەخشەیەکی هەمەلایەنە دێتە ژماردن بۆ پاشەکشەکردن بە دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە باشوور و ئەنجام نەدانی ڕیفراندۆم لە شاری کەرکوك و تێسرەواندنی سەربازی لە باڵەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لە باکوور و ڕۆژهەلات .
لە پێناو بەرگرتن بەم هێرشە درندانەیە و پشتگیریکردن لە جێبەجێکردنی بڕیاری 140 لە وادەی خۆیدا و پاراستنی کەمایەتییە ئاینییەکانی کوردستان لە کۆمەڵکوژی هێزە تاریکەکان , بانگەوازی هەموو لایەك دەکەین بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان بۆ بەردەم باڵوێزخانەکانی ئێران و تورکیا لە پایتەختەکانی جیهان , هاوکات نامەی ناڕەزایەتی ئاراستەی حکومەتی عێراق دەکەین دژ بە واژۆکردنی پەیمانامەی دووقۆڵی دژ بە کورد , هەروەها لە ڕێگەی نامەی تایبەتەوە داوا لە بیروڕای حکوومی و گشتی جیهانی و نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەین توانای خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ڕاگرتنی هێرش بۆ سەر کوردستان و پێشێلکردنی سەروەری خاکەکەی و پشتگیریکردن لە مافە سەرەتاییەکانی هاووڵاتیانی .

لێرەدا داوا لە هەموو کوردستانیان چ وەك تاك یان وەك ڕێکخستن دەکەین , بە کاری هاوبەش و یەکگرتویانەمان بەرپەرچی هێرشی داگیرکەرانی کوردستان و کارە تیرۆرستییەکانیان و پلانە گڵاوەکانیان ببینەوە , با لەم کات و ساتە هەستیار و مەترسیدارەدا بە ناڕەزیاتییە یەکگرتوییەکانمان نەخشەکانی داگیر کەران پوچەڵبکەینەوە و بە هانای لێقەوماوەنەوە بێین .

پاراستنی هەرێمی کوردستان لە هێرشی وڵاتانی ئێران و تورکیا, ڕاگرتنی دەستبەجێی تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکان , چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە پارچەکانی کوردستان بە شێوەی ئاشتیخوازانە لە ژێر چاودێری جیهانی , داواکاری بە پەلەی هەموولایەکمانە , دەبا دەست لەناودەست هەموو پێکەوە ناڕەزایەتییەکانمان یەکبخەین .

**ناوەندی چاک**

**2007-8-26**

**www.chak.be**
**chak_org@yahoo.com**